# دوو کاتژمێری زیـ




کاتژمێـرە زیرەکـەکان ئەگەرچـی لـە جیهانـدا لەلایـەن کۆمپانیاکانــی بەرهەمهێنــی تەکنەلۆژیــای نــوێ بــە فرەیی دروست دەکرێـن، بـەڵام هێشـتا گشـتگیر نەبوونـە و هێشـتاش کاتژمێـری کلاسـیکی بـاوی خـۆی مـاوە.

لـەم ماوەیـەدا کۆمپانیـای شـیائومی دوو کاتژمێـری زیرەکـی خـۆی خسـتەڕوو. کاتژمێـری زیرەکـی جـۆری Amazfit Smart Watch 2 و هەروەهـا کاتژمێـری زیرەکی Amazfit Health Watch. بەشـێك لـە تایبەتمەندییەکانـی هەردوو کاتژمێرەکە ئەمانەن:

هەمـوو تایبەتمەندییەکانی کاتژمێرە هۆشـمەندەکان لەو دوو کاتژمێرە زیرەکەدا دەبیندرێ، جگە لە سیستەمی لێدان یدڵ بەهۆی هێزی ئەلکترۆنی ECG و هەروەها سیستەمی لێدانـی دڵ بەهۆی تیشـکەوە. ئـەم دو تایبەتمەندییە تەنیا لە نوێترین کاتژمێری ئەپلدا بەرچاو دەکەون.

کاتژمێـری یەکەمیـان سـتایلەکەی بازنەیـی شـێوەیە. شاشەکەی ١,٣٩ ئینجە لە جۆری ئۆلدە. رامەکەی ٥١٢

# گۆڕانکارییەکی نوێ لە تیڤیدا

تەلەڤزیـۆن لـە مـاوەی دە ساڵی رابـردوودا گۆڕانـکاری گـەورەی بەسـەرهاتووە، ئیـدی تەلەڤزیـۆن تەنیا شاشـەیەك نییـە کـە بەهۆیـەوە سـەیری کەناڵـەکان بکـەی، بەڵکـو لـە زۆر رووداا وەك کۆمپیوتەرێـك سـەیر دەکرێـت.

تەلەڤزیۆنـە سـمارتەکان تەنیـا ئەرکیـان نیشـاندان نییـە، ئـەوان لـە تـۆڕی ئینتەرنێـت دەبەسـترێنەوە و ئـەوەی مەبەسـتتە لـە هـەر سـات وکاتێکـدا بـێ دەیگەیەنـن..

لـەم رووەوە سـەرنجێك لەسـەر تەلەڤزیۆنەکانـی QLED ٢٠١٩ی سامسۆنگ دەخەینەڕوو.

تەلەڤزیۆنە سـمارتەکانی سامسـۆنگ لە جۆری QLED دەکرێت وەك کۆنترۆڵی گشت ئامێرە هۆشـمەندەکانی ماڵەوە سـەیر بکرێـن، ئـەوان سـێرڤێر و بنکـەی کۆنترۆڵـی ئامێـرە سمارتەکانن. بەشێك لە تایبەتمەندی تەلەڤزیونەکانن ئەمانەن:

- سامسـۆنگ هـاوکاری خـۆی لەگـەڵ کۆمپانیاکانـی بەرهەمهێنـی و پرۆگـرام پـەرە پێـدا وە و ئێسـتا دەتوانـن لـە هـەر شـوێنێك بـن سـەیری پرۆگرامـە راسـتەوخۆکان و کەناڵـە خۆڕاییـەکان و لایڤـە سـتایلەکان بکـەن.

- سامسۆنگ هەوڵیداوە راستەوخۆ تەلەڤزیۆنەکان لەگەڵ سیسـتەمی ios وەك ئایفـۆن و ئایپـاد و مـاك بگونجێنـێ و تەلەڤزیۆنەکان دەبنە ئامێری Airplay٢.

- ئێسـتا بـە ئاسـانترین شـێوە دەتوانـن ئـەوەی مەبەسـتتە بدۆزیـەوە، تەنیـا نـاوی بابەتـی مەبەسـتت سـێرچ بکـە، دەیـان و سـەدان کاناڵـت لەمەبەستەکەی خۆت نیشـان دەدا، بـۆ نموونـە بنووسـە (چێشـت لێنـان) ئیـدی گشـت ئـەو تەلەڤزیۆنانەتـی تایبەتـن بـە چێـش لێنـان نیشـان دەدا.

- کۆنتـرۆڵ کردنـی ئامێرەکانـی ماڵـەوە، تەلەڤزیۆنـەکان دەبنـە بـە هایێکـی بـاش بۆ سـوود وەرگرتـن لـە ئامێرەکانی ماڵەوە، بەسوود وەرگرتن لە SmartThings گشت ئامێرەکان پێکـەوە پەیوەنـد دەدرێـن. بۆیـە دەکرێت پـەردەکان لە رێگای تەلەڤزیۆنەکـە دادەیـەوە، سـپیلیت هەڵبکـەی و بکوژێنـەوە، هەروەها گلۆپەکانیش..

- گشـت ئامێرەکانـی وەك کۆمپیوتـەر، لاپتـۆپ، مۆبایـل... بەبـێ وایـەر و بەبـێ گرفـت لەسـەر شاشـەی تیڤیـەکان نیشـان دەدرێـن، بۆیـە دەکرێـت یـاری و پرۆگرامـەکان لەسـەر شاشـە بـە قەوارەیەکـی گـەورەتـر بکەیـەوە.






# ـــــرەک لە شیائومیەوە

میگابایتە و میمۆرییەکەی ٤ گیگابایتە. سیستەمێکی تایبەتی بەناوی amazfit OSهەیە. لەگەڵ سیستەمی ئەندرۆید 4.4 و ios10 دەگونجێت.

پشتیوانی لە سیستەمی eSIM دەکات. باترییەکەی ٤٢٠ میلی ئامپەرە و هەتا ٢٨ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. مایك و سپیکەرێکی ناوخۆی هەیەو هەروەها سیستەمی GPS هەیە. ئەم ڤێرژنە یەك کاتژمێر داتای پێویست بۆ لێدانی دڵ بەهۆی وزەوە لەخۆیدا خەزن بکات. کاتژمێرەکەلە قولایی ٥٠ مەتر لە ژێر ئاودا کار دەکات.

کاتژمێری هۆشمەندی جۆری دووەم چوارگۆشەیە و شاشەکەی ١,٢٨ ئینجە. هەندێك کوالیتی لە کاتژمێری یەکەم کەمترە. وزەشی تەنیا بەشی هەفتەیەك دەکات. کێشەکەی تەنیا ٢٥ گرامە، تایبەتمەندییەکانی دیکەشی وەك کاتژمێری یەکەم دەچن.

# فڵچەی دەدانی سمارت و شاشەی لەمسی

تەندروستی مرۆڤ لە ددانەکانیەوەیەتی، کە ددانەکان واتە گەوهەرە گرانبەهاکانی مرۆڤ تووشی نەخۆشی هاتن، ئەندامەکانی دیکەش کێشەیان بۆ دێتە پێش، چونکە خواردن بەباشی هەرس ناکرێت و ئەوکات نەخۆشییەکان سەر هەڵدەدەن. بۆیە پاك راگرتن و شوردنی ددانەکان گرنگە.

لەم سەردەمەدا کە هەموو شتێك بەرەو هۆشمەندی چووە، فڵچەی ددانیشی گرتۆتەوە، لەم ماوەیەدا نوێترین فڵچەی ددانی زیرەك بەناوی Oclean X لەلایەن کۆمپانیایەك هەر بەو ناوەوە بەرهەمهێنرا. ئەوە یەکەم فڵچەی ددانە کە شاشەی لەمسی هەیە.

خێرایی شوردنەکە لەم فڵچەیەدا زۆرە و خێرایی لەرینەوەکەی ٤٠ هەزار سوڕانە لە خولەکێکدا. ئەم فڵچەیە سێ و دوو شێوازی شوردنی ددانی هەیە و بەپێی ویستی بەکارهێنەر رێکدەخرێت.

لەسەر شاشە لەمسییەکە زانیاری وەك پاکراگرتنی ددان، هەروەها کاتەکانی ددان شوردن، ماوەی ددان شوردن و چۆنییەتی شوردنەکەی دیاری دەکات، جگە لەوەش کەش و هەواش نیشان دەدات و کاتژمێریشی تێدایە. خودی فڵچەکە لە رێگای بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ.



# بە چاویلکەی هەتاوی گوێ لە گۆرانی بگرە

لە سەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا، هەر ئامێرێك شوێنی چەند ئامێری دیکە دەگرێتەوە، ئێستا چاویلکەی چاو هەر بۆ بینین و پاراستنی چاو لە تیشکە زیانبەخشەکان نییە، بگرە دەکرێ بەهۆیەوە فیلم و وێنە بگریەوە، یان وەك چاویلکەکانی گوگل سەیری لاپەڕەکانی ئینتەرنێتی پێبکەی، یان وەك ئەو چاویلکە هەتاوییەی کۆمپانیای Mutrics بەهۆیەوە گوێ لەگۆرانی و مۆسیقا بگری.

چاویلکە بڵندگۆدارەکە دوو رەنگی رەساسی و پرتەقاڵی هەیە. هەروەك چاویلکەیەکی ئاسایی دەچێت و شەحن دەبێتەوەو بڵندگۆی هەیە. کاتێك گوێ لە گۆرانییەك دەگری، تەنیا خۆت دەبیسی و کێشە بۆ دەوروبەر دروست ناکات. لەگەڵ مۆبایلەکانی هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئەپل پەیوەند دەدرێت و دەکرێت وەڵامی پەیوەندییە هاتووەکان بدەیەوە.. سێ دوگمەی هەیە بۆ کۆنترۆڵ کردنی دەنگ، لە هەر شەحنکردنەوەیەکیشدا هەتا ٨ کاتژمێر دەتوانی گوێ لە گۆرانی بگری.




## دیسکت

کۆمپانیای dell لە بواری بەرهەمهێنانی لاپتۆپدا بەیەکێك لە کۆمپانیا ناسراوەکان دێتە ژمار، لەم ماوەیەدا نوێترین لاپتۆپی خۆی بەناوی AlienWare Area 51m خستەڕو. لاپتۆپێك کە کەم ستایلێکی سەرنج راکێشی هەیەو ئەم کاراییەکی بەهێز.
هەرلەیەکەم سەیرکردندا هەست پێدەکەی لەگەڵ لاپتۆپەکانی دیکە جیاوازە، مەودای دوگمەی کیبۆرد زۆر زیاترە بووە. بۆ ئەوەی کە بەکارهێنەر



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، لاپتۆپێکم هەیە حەز دەکەم هەرکاتێك دەرگای لاپتۆپەکەم داخست یەکسەر بکوژێتەوە ئایا ئەمە دەکرێت؟**

بەڵێ خوێنەری بەڕێز جا هیچ شتێك هەیە لە کۆمپیوتەردا نەکرێت! بۆ ئەوەی بتوانی بەداخستنی دەرگای لاپتۆپەکەت، سیستەمەکەش بکوژێتەوە، دەبێ ئەم هەنگاوانە بگریە بەر.

سەرەتا بچو سەر بەشی کۆنترۆڵ پەنەل (control penael) لەودا کرتە لەسەر بەشی Hardware and Sound بکە. دوای ئەوە پەنجەرەیەك دەکرێتەوە، کرتە لەسەر Power Options بکە. دوای ئەوەی کە پەنجەرەیەك کرایەوە لە بەشی لای چەپی کە نووسراوە Choose what closing the lid does هەڵبژێرە و لەو بەشەدا پێت دەڵێت ئایا ئەگەر دەرگای لاپتۆپەکەت داخست بکوژێتەوە، یان ریستارت بێتەوە یا...



## مراویەکی رۆبۆت لە خزمەت کێڵگەدا

لە وڵاتی ژاپۆندا بۆ ئەوەی کە بەرووبومی برنج بەباشی بەرهەم بێنێ و بژاریان نەبێ و لە زیندەوەری زیان بەخش بە دووربن، مراویان لەناو کێڵگەکاندا بەرەڵا دەکرد. مراویەکان جگە لە زیندەوەرە زیانبەخشەکان، ئەو گژوگیایانەی دەبوونە بەربەست لە گەشەکردنی کێڵگەی برنجدا ئەوانیشان لەناو دەبرد.

کۆمپانیای نیسان کە ناوێکی ناسراوە لە بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیلدا، مراوی رۆبۆتی بەرهەم هێناوە کە شوێنی مراوی راستی گرتۆتەوە. مراوییە رۆبۆتەکە وەك مراوییەکی ئاسایی دەچێت و مەلە دەکات و گژوگیا زیانبەخشەکان لەناو دەبات. بۆ کارکردنیشی پێویستی بە هیچ وزەیەك نییە و تەنیا لە تیشکی خۆر سوود وەردەگرێت.

## پرۆگرامێک بۆ پاک ک

بە زۆر هۆکارەوە هارددیسکی کۆمپیوتەر یان لاپتۆپەکەتان پڕ دەبێت و ئەوکات سیستەمەکە بەرەو سستی دەڕوات و خێرایی لەدەست دەدا، جگەلەوەش چەندین گیروگرفتی دیکە سەر هەڵدەدەن، وەك نەکردنەوەی پرۆگرامەکان، کوژانەوەی لەناکاوی کۆمپیوتەر..

مەرج نییە هارددیسك هەر بە پرۆگرام و فایلەکانی تۆ پڕ بوویێت، دەکرێت تووشی ڤایرۆس بێت یان فایلی دووبارە و بێکەڵکی زۆر تێدابێت.

ناسینی و سڕینەوەی یەکە یەکە فایلەکان ئەرکێکی دژوارە ئەگەر پرۆگرامێك نەبێت ئەم کارە ئەنجام بدات. یەکێك لە سەرکەوتووترین پرۆگرامەکانی ئەم بوارە پرۆگرامی Files Inspec-tor، ئەم پرۆگرامە یارمەتیت دەدات هاردیسکەکەت پاك بکرێتەوە و تەنیا زانیارییە پێویستییەکانی تێدا بمێنێتەوە.

## ـــوپ له بەرگی لاپتۆپدا

کێشەی بەریەك کەوتنی پەنجەکانی بۆ نەیەتە پێش.

گرنگترین بەشی لاپتۆپەکە ئەوەیە کە بەکارهێنەر بە ویستی خۆی دەتوانێ گۆڕانکاری لە پارچەکانی دا بکات، بۆ نموونە دەکرێت پرۆسیسەر و کارتی شاشە بگۆڕێت، هەروەك لە کۆمپیوتەری سەرمێزدا ئەو کارە ئەنجام دەدرێت، لە راستیدا ئەم لاپتۆپە دیسکۆپێکە لە بەرگی لاپتۆپدا، شاشەکەی ١٧ئینجە، رامەکەی ٦٤ گیگابایتە. بێگومان لاپتۆپێکی وا دەبێت کێشی زۆربێت و بە بەراورد بە لاپتۆپێکی ئاسایی زۆرە، چونکە کێشەکەی نزیکە لە ٤ کیلۆ.

لەم لاپتۆپەدا پرۆسیسەری ٥ گیگاهێرتزی core i9ی لەسەرە و خێراییەکی زۆری هەیە. سیستەمی جوڵە لەگەڵ جوڵەی چاودا بۆ یەکەمجارە لەم لاپتۆپەدا تاقی بکرێتەوە.





## ئایفۆنەکەت بکە بە کامێرای وێنەگرتن

مۆبایلە هۆشمەندەکان خۆیان باشترین کامێرای وێنەگرتنیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وێنەگرتن بە کامێرا چێژی خۆی هەیە و نوستالۆژییەکی تێدایە. کەڤەر واتە بەرگێکی تایبەت بە مۆبایلی ئایفۆن دروستکراوە کە مۆبایلەکە دەکات بە کامێرایەکی جۆری DSLR. کەڤەرەکە بۆ وێنە و فیلم گرتن کارئاسانییەکی زۆر دەکا، بەکارهێنەر بەتەواوی هەست بەوە دەکات کە کامێرای بەدەستەوەیە نەك مۆبایل. وێنەکانیش بە کەڤەرەکە جوانتر و باشتر دەردەچن.

کەڤەری جۆری Pictar one کێشەکەی کەمە و دژە لەرینە، واتە ئەگەر بەکارهێنەر دەستیشی بلەرزێ، وێنەکە بەبێ گرفت دەگرێت. بەهۆی ئەو کەڤەرەوە گشت تایبەتمەندییەکانی وێنەگرتن وەك زۆم و فۆکس کردن ئەنجام دەدرێن.




## ـــردنەوەی هارددیسک

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن:

- سڕینەوە و پاککردنەوەی هارددیسك.
- سڕینەوەی داتا ناپێویستەکان.
- سڕینەوەی پەڕگە و بوخچە زیادییەکان.
- سڕینەوەی تەواوی سەلەی داتا فڕێدراوەکان.
- گونجان لەگەڵ هەموو سیستەمەکانی کۆمپیوتەر..

### ماڵپەڕێک بۆ یاریکردن پازل

یاری کردنی پازل Puzzles تەنیا تایبەت نییە بە منداڵان، بەڵکو گەورەساڵانیش کاتەکانی خۆی بۆ تەرخان دەکەن. یاری پازل واتە تێکخستنەوەی پارچەکانی وێنەیەك. هەرچەندە یاری پازل بەشێوەی واقعیش هەیە.

پازل لە کۆمپیوتەر و مۆبایلدا بەیەکێك لە باوترین یارییەکان دەناسرێت، دەیان پرۆگرامی تایبەت بە پازل هەن، لەگەڵ ئەوەشدا سەدان ماڵپەڕ کە بە شێوەی ئۆنلاین دەتوانی یارییەکە ئەنجام بدەی. یەکێك لە ماڵپەڕەکانی تایبەت بە Puzzles ماڵپەڕی jigsawplanet.com/. کە هەزاران وێنەی تایبەت بە پازلی تێدایە.